

کابان

بێ سەروشوێن کرا

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

کابان
بێ سەرو شوێن کرا

نوسەر: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

دیزاینی ناوەڕۆك و بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: 1000 دانە

نۆبە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم 2026

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

کابان

بێ سەرو شوێن کرا

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

2026

ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە
پەیوەندی بە بەدواداچوونەکانی خودی نووسەرەوە هەیە.

1

دڵی هونەرمەند قادر کابان، لە بەفری چیاکان سپی تر و ناخی لە پەڕەی گوڵ ناسکتر و جوانتر بوو، دەنگی ئەو هاژە هاژی تاڤگەیەکی پڕ لە ئەوینی جوانی سروشت و مرۆڤ بوو.

سیحری دەنگ و ئاوازەکانی شەپۆلی دەریایەک بوو، لە کەناری خۆشەویستی و لەمۆسیقای ئەوین، ڕوخساریی کابان پر بوون لە پەپوولەی زەردەخەنەی سۆزی عەشق و میهرەبانی.

کابان بە جۆرێک تێکەڵ بە شیعر و دەنگ و ئاواز و ڕۆمانسیەت دەبوو، هەموو تۆنی دەنگ و سۆزێکی و ئاوازەکانی پڕ بوو، لە ئیحساسێکی هەژانی ڕۆحی مرۆڤ .

ئاوازەکانی رووبارێک بوو لە خۆشەویستی و وەفا و ئەمەک و هەڵوێستی نیشتیمانی، بۆ کلتووری نەتەوەکەی و شکۆی ژیان.

لەساڵی 1978 هونەرمەند قادر کابانم ناسی، ئێوارەیەکی هاوینی 1978 لە شەقامی مەولەویەوە رووم کردە سەرتاشخانەی دەرسیم، سێبەری ئەو ئێوارەیە باڵی کێشا بوو بە سەر شەقامەکانی شاردا.

شەقامەکان جمەی دەهات، نوقمی سێبەرێکی تۆخی گەرم و شنەی ئەو ئێوارە بووم، کە گەیشتمە (دەرسیم)[1]چوومە ژوورەوە، هەردوو هونەرمەند، (ئیبراهیم محەمەدو عوسمان

1. سەرتاشخانەکەی هونەرمەند قادر کابان بە ناوی (سەرتاشخانەی دەرسیم)بوو.

عەلی) لای قادر کابان دانیشتبوون، سەرقاڵی گفتوگۆی هونەری و بەرهەمە نوێکانیان بوون .

دوای ئـەوان ماڵئاواییان کـرد، نا میلکەی (مژدانەی شەکراوێکی تاڵ)[2]م، لە زەرفەکە دەرهێناو بە قەڵەمە جافەکەم لە سەر لاپەڕەی یەکەم نوسیم:

(دیاری و پێشکەشە، بەهونەرمەندی خۆشەویست، قادر کابان)

پیرۆزبایی لـێ کـردم، لاپـەڕە بـە لاپـەڕە ناونیشانی هۆنراوەکانی سەیرکرد، گەیشتە سەر هۆنراوەی (کامێرای شەش تابلۆو یادگارێک)

نوسرابوو:

- ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە، بە دەنگی هونەرمەندی خۆشەویست (قادر کابان)، سەری لەسەر لاپەڕەکەی بەردەمی بـەرز کـردوە، بە زەردەخـەنـەیـەک و روویـەکـی خۆشەوە، هۆنراوەکەی بە دەنگی خۆی بۆ خوێندمەوە. زۆری بە دڵ بوو، وتی:

- ئاوازی بۆ دادەنێم، لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا، ئەم هۆنراوەی (یاد)ە، بۆ یادگاری تۆمار دەکەم .

دواتر لە گەڵ قادر کابان دا، بە پیاسە بە شەقامی کاک ئەحمەدی شێخا ڕووەو زانکۆی سلێمانی سەرکەوتین،

---

2. مژدانەی شەکراوێکی تاڵ، یەکەم نامیلکەم بوو، بریتی بوو لە چەند هۆنراوەیەک، لە 1977، خوێند کاربووم هاوینەکەی چووم بۆ بەغدا، سێ مانگ لەوێ کارم کرد، بە رەنجی ماندووبوونم خۆم، ئەو بەرهەمەم چاپ و بڵاو کردەوە.

هەموو خەمەکانی کابان ئەو چەند هۆنراوەیە بوو، خۆی ئاوازی بۆ دانا بوو، بەڵام هاوڕێکانی پێیان وتبوو:

- ئاوازەکانت لە رووی هونەرییەوە کەمووکوڕی هەیە، بۆیان تۆمار نەکرد بوو، ئەو ئاوازەکانی وەک جگەر گۆشەکانی ڕۆحی، بێ سنوور خۆش دەویست .

بەدەم ئازارێکی توندی پشتیەوە ڕووی تێکردم وتی:

-ئەوە چەند ساڵە سەرتاشی دەکەم، توشی فەقەرات بووم. ناتوانم، لەمە زیاتر لە سەر ئەو کارە قورسە بەردەوام بم.

لەم رۆژانەدا بە نوسراوێک، داوای مۆڵەتی دانانی کتێبخانەیەکم لە سەر یەکێک لە شەقامەکانی شار کرد، بۆ ئەوەی لەمەو دوا کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە بفرۆشم، بەڵام ئەمنی سلێمانی پێیان وتم:

- ئەگەر دەتەوێت ڕەزامەندی لە سەر داواکەت بکەین، دەبێت ببی بە بەعسی).

منیش پێم وتن:

- لە داوای مۆڵەتەکەم پەشیمان دەبمەوە، کتێبخانە دانانێم.

ئێوارەیەکی بەهاری 1981 بوو، بە بەردەم سەرتاشخانەی دەرسیم دا تێ پەڕیم، بەرەو شەقامی مەولەوی، لە بەردەم باخی گشتی دا، باڵی خەیاڵ گەڕاندمییەوە:

بۆ 28 / 2 /1981، ئەو رۆژەی چەند ئەمنێک هونەرمەند قادر کابان، لە ناو سەرتاشخانەی دەرسیم دەسگیرکرد، لەو

ساتەدا، دەنگ و ئاوازەکەی کابان، رۆح و دڵمی هەژاند، بە رووبەکی خۆش و بە هێمنییەوە ئاوازی گۆرانی (یاد)ی تەواو کردبوو .بۆی وتم:

لەگەڵ هەر هەنگاوێکم دا، دەنگ و ئاوازەکەی کابان تێکەڵ بە گەڵای سەوزی درەختە باڵابەرزەکان و جوانی پەڕەی گوڵە رەنگاوڕەنگەکانی باخی گشتی دەبوو:

(1)

پەرە ...پەرە
بیرتە چرپاندت بە گوێما و
بە نهێنی باسی دڵداریت لا دەکردم
نەم ئەزانی خۆشەویستی رووی لە کوێ یە ؟
ها نیوەڕۆکە هاتیت و
ئەڵقەکەت لە پەنجە کردم

(2)

پەرە ..پەرە
ئەو چێشتەنگاوەت لە بیرە
کە خانۆچکەکەم دروست کرد
بۆت رووخانم
وتت خۆ ئێمە منداڵ نین
بۆ دووەم جار بە گوێتدا چرپاندم

(3)

پەرە...پەرە

ها ئەو رۆژەی چەمەکە

هەردووکمان ماسیمان ئەگرت

کە ماسییەکانمان بەش کرد

زۆرەکەشت بۆ من دانا

چونکە زۆرت خۆش ئەویستم

(4)

پەرە ...پەرە

ها ئەو رۆژەی

ماڵەکانمان چوون بۆ سەیران

کە من بۆ گوڵ دوورکەوتمەوە

کەوتیتە دوام

بیرتە لە پاڵ چنارەکە ...دەستت گرتم

روومەتت هێنا ماچی بکەم

منی گرۆز ماچم نەکرد

زلەیەکی توندت لێ دام

(5)

پەرە ...پەرە
بیرتە چاوشارکێمان ئەکرد
هەر دوات کەوتم و نەم گرتی
خۆت کرد بەماڵی خۆتانا
چەند فرسەت بوو ...ماڵ چۆڵ و هۆڵ
بۆ یەکەم جار ...ماچم کردی

(6)

پەرە. ..پەرە
دوێنێ بیستم
دایکی تاڤگە و کامەرانیت
کوا وەکو ئەو کاتە جوانی؟
لە ژیانی من ئەپرسی
توشی هەزار دەردی سەرە
کاتێ ئێوە بارتان کرد
وتم بابە
با (تریفە)، ناونێین(پەرە)

1976سلێمانی

ئەو دەنگ و ئاوازەی کابان، ئەو یادانە، رۆح و دڵمی بە جۆرێک هەژاند، باڵی خەیاڵ گەڕاندمیەوە بۆ ناو دنیای رۆمانسیەتی ئەوسا ی منداڵی و گەرەک.

لە دوا تابلۆی دەنگ ئاوازەکەی (یاد)ی کابان دا، نوقم ببووم، کاتێ بە ئاگا هاتمەوە، گەیشتمە بەردەم دەرگای ئەمن، ئەمنەکانی بەردەرگاکە دەستیان لە سەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان بوو .

تەلی دڕکاوی سەر دیوارەکانی ئەمن، دەنگ و ئاوازەکەی کابان ویادەوەرییەکانی بچڕاندم:

(وەتـەن)[3]ە کەی جاران و زیندانی ئەمنی ئێستا، سوێ ئازارێکی توندی بە یادەوەرییەکانی وەتەن و رۆحم گەیاند:

-بڵێی ئێستا جەستەی دەنگ و ئاوازەکانی ڕۆحی کابان

لەکام پۆلی جارانی وەتەنەکەمان دابێ .

بڵێی ئێستا، لە کام ژووری تاریک و شێداری ئەمن دا بێ، بە دەم سوێی ئازارو ئەشکەنجەوە، دەنگ و ئاوازەکانی و ڕۆحی خامۆش کرابێ .

---

3. ئەو بینایەی دەوڵەتی عێراق کردی بە دائیرەی ئەمنی سلێمانی، (ناوەندی وەتـەن) و (ناوەندی کانیسکان) بوو، لە سەر شەقامی سلێمانی، بەرامبەر فرقەی سلێمانی، من و سەدان خوێند کاری تر، لەوپۆلانە دا، خوێدکار بووین، فێری خۆشەویستی زمان و کلتوورو نیشتمان بوین، دواتر پۆلەکانی خوێندیان کرد، بە زیندان و شوێنی ئەشکەنجەو کوشتن و بێ سەروشوێن کردن .

کامێرای

شەش تابلۆ ... و ... یادگارێك

پێش کەشە بەدەنکە ڕەسەنەکەی
هونەرمەند قادر کابان

«١»

پەرە . . . پەرە
بیرتە چرپاندت بەکوێماو
بەنهێنی باسی دلداریت لاکردم !
ئەم ئەزانی خۆشەویستی ڕووی لەکوێیە ؟ . . .
ها نیوە ڕۆکە هاتیت . . . و
ئەلقەکت لە پەنجە کردم

× × ×

«٢»

پەرە . . . پەرە
ئەو چیشتە نکاوەت لەبیرە
کەخانۆچکەکەم دروست کرد
بۆت ڕووخانم . . . .

2

هونەرمەند عەبدولقادر جەلال مەحمود عەزیز محەمەد کابان، ناسراو بە (قادر کابان)، لەساڵی 1937 لە گەڕەکی - مەڵکەندی شێخان لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، جەلال مەحمودی باوکی قادر کابان، یەکێک بووە لە دەف ژەنە بە ناو بانگەکانی شاری سلێمانی و بەشداری مەولودەکانی ناو شاری کردووە.

چەند کەسێکی دەنگ خۆش، تیپێکی (دەفژەن)ینیان، لە ناو شاری سلێمانی پێکهینابوو، لە شەوانی زستاندا، هەر شەوێک لە ماڵێک کۆدەبوونەوە، شیعری ئاینی و شیعری فۆلکلۆرو گۆرانیان، بە دەنگە ناسک و خۆشەکەیان دەوتەوە.

قادر کابان لە منداڵییەوە، لە کەش وهەوایەکی هونەری میللیدا ژیاوە و باڵای کردووە، عاشقی شیعر و دەنگ و ئاواز و رۆمانسیەتی جوانی سروشت بووە.

خانەوادەکەیان بریتی بوو لە چوار براو سێ خوشک:

(کەریم کابان)ی برای هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و بە توانا بوو، دەنگ و سەدایەکی تایبەتمەندی پر لە مۆسیقای هەیە، یەکێکە لە هونەرمەندە دیارو ئاوازدانەرەکانی کورد، تایبەتمەندی دەنگ و ئاوازی کەریم کابان، ڕێچکەیەکی داهێنانی نوێشە، لە ئاوازی گۆرانی کوردی، ئاوازی گۆرانییەکانی مایەی تێڕامانی کوردو بێگانەیە .

جەمال کابانی برای قادر کابان، ریتمژەنێکی بە تواناو لێهاتووی تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو، بەهرەی هونەری و دەنگ خۆشی و ئاوازی نوێ ی سەرنج راکێشەریان، لە خانەوادەکەیانەوە بۆ ماوەتەوە و گەیشتوەتە نەوەکانیان .

قادر کابان تەمەنی دوو ساڵ بووە، جەنگی دووەمی جیهان لە (1939-1945) بەرپا بوو، جەنگ هەموو بوارەکانی ژیانی خاپوورو کۆنترۆڵ کرد، چرنوکی جەنگ دەگەیشتە هەموو شوێنێک، بە هۆی ئەو هەل و مەرجە ئاڵۆزو قورسەی ژیان، بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان، لە منداڵییەوە بوو بە شاگرد لای وەستا (عەلی دەلاک)، دوای ئەو، بوو بە شاگردی وەستا (سەلام)ی دەلاک، لەو وەستایانەوە بە سەلیقەی وردو جوانی خۆی، فێریی دەلاکی کردبوو.

لەو سەردەمە نەهامەتیەدا، کابان بەرۆژ کاری کردوەو بەشەویش لە قوتابخانەی شەو بەردەوام بووە لە سەر خوێندن، تاپۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە .

دواتر دوکانێکی لە نزیک سینەما سیروان دانا، بە ناوی (سەرتاشخانەی دەرسیم)، ساڵی 1967 (نە سرین حاجی کەریم)ی کردووە بە هاوسەری ژیانی خۆی، دوو کوڕو کچێکیان هەیە، بە ناوی (کاروان، کاوان، کوێستان).

قادر کابان لە منداڵییەوە عاشقی دەنگ و ئاوازو مۆسیقا و گۆرانی بووە، بە بەردەوامی بەتەنیا گۆرانی بۆ ڕۆحی بێ پەی خۆیی و بۆ هاوڕێکانی وتووە.

له پەنجاکان دا، بە تەواویی تێکەڵ بە دەنگ و ئاوازو گۆرانی و هونەر بـووە، هونەری گۆرانی بوو بە بەشێک لە خولیاو خەونە گەورەکانی ژیانی.

دوای کۆدەتای 14ی گەلاوێژی ساڵی 1958 کابان چەند گۆرانی و سروودێکی وتووەو تۆماری کردووە، لەوانە:

(دەربەدەری، شەم، ماڵی وێرانم، جادە چۆڵ و سێبەر بوو، فریشتە، چاوەڕوانی بێهودە، کچێکی شۆخ، گوڵی سوور).

یەکەم کـاری هونەرمەند قـادر کابان لە گـەڵ (تیپی مۆسیقای مـەولـەوی)دا بـوو، یەکێک بـوو لە تیپە دیـارو لێهاتوەکانی ئەوسای شاری سلێمانی.

ئەو تیپە لەو سەردەمە دژوارانـەدا، هەنگاوی نوێ ی پڕ لە داهێنانی، لە بواری دەنگ و ئاوازو گۆرانی وسروود و مۆسیقای کوردی نا.

کۆمەڵێ هونەرمەندی کورد، لە شێوەی تیپێکی مۆسیقادا، رێچکەو هەنگاوێکی نوێ بوون، ئەو هونەرمەندو سەربازە ونانە ڕۆڵی گرنگیان بینی، چەندان هونەرمەندی مۆسیقی، لە بەردەست ئەم هونەرمەندە داهێنەرانەدا پێگەیشتن لەوانە: (قادر دیلان، ولیەم یوحنا، نەجات عەبدە، بەهجەت سەعاتچی، هادی عەنبەر، حاتەم).

3

قادر کابان عاشقی هۆنراوەی رۆمانسی ناسک و جوان بوو، ئەو هۆنراوانەی هەڵدەبژارد لە گەڵ ئاوازەکانی و ئیقاعی دەنگی دا بگونجێ. گۆرانی یەکانی لە سەر مەقامی:
[بەیات، حیجاز، نەهاوەند، عەجەم] وتووە.

(دوا تیر)

کابان لە سەرەتادا، سروودی [دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە دوژمن] لە هۆنراوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، لەسەر شانۆ ی ئاهەنگەکان، ئەوەندە بەسۆزو جوان وتووە، ببووە مایەی تێرامانی جەماوەر. بەداخەوە تۆماری ئەم سروودەی چنگ ناکەوێت.

(بە دەربەدەری)

کابان گۆرانی [بە دەربەدەری]، هۆنراوەی مامۆستا هەژار موکریانی و لە ئاوازی خۆی، لە ئاهەنگێکی 14 گەلاوێژی 1958، لە گەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی دا وتووە.

کابان بەو گۆرانییە ی توانی، وەک هونەرمەندێکی خاوەن رێچکەی هونەریی نوێ، بە ئاوازو دەنگێکی تایبەتمەند، بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەو گۆرانییە ناسراو و ناوبانگی بە هونەرمەندی (بە دەربەدەری) پەیداکرد.

(لەدرزیی پەچە)

هونەرمەند کە ریم کابان –ی براگەورەی قادر کابان، ماوەیەک بوو. سەرقاڵی ئاوازێکی نوێ بوو. بۆ هۆنراوەی (لە درزی پەچە)[4]ی گۆران، ڕۆژێک ئاوازی ئەو گۆرانییەی بۆ قادری برای وت:

قادر کە گوێی لەم ئاواز و هۆنراوەیە بوو. بە جۆرێک تێکەڵ بە ڕۆحی هۆنراوە و ئاوازی گۆرانییەکە بوو، کەریم توشی تێڕامان بوو، سەری سورما، لە هەست و ئیحساسی قادری برای. قادر بە پەرۆشەوە ڕووی کردە کەریمی برای و وتی:

- کاکە گیان پیرۆزبای ئەم ئاوازە نوێیەت، لێدەکەم، پێم خۆشە ئەم ئاوازە نوێ یە ی خۆت ببەخشیت بە من.

کەریم کابان قادری برای زۆر خۆش دەویست، هەرچەندە ئاوازەکەی بێ سنوور، بەدڵ و گیان بە دڵ بۆ خۆی وتبوو، پێی وت:

- ئەوا من ئاوازی ئەم گۆرانییە ناڵێم، پێشکەش بە تۆی دەکەم .

دوای چەند ڕۆژێک، قادر سەردانی کەریم –ی برای کرد، ئاوازو گۆرانی (درزی پەچە)ی بە جۆرە ئیحساسێک بۆ وت:

4. لە ساڵی 1970(لە درزی پەچە) یەکەم گۆرانی هونەرمەند قادر کابان بوو، لە تەلەفیزیونی رەش و سپی کەرکوک تۆمار کرا، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقاکەی بۆ ئامادە کردبوو.

کەریم سەری سوڕما، قادر دەنگ و ئاوازو هۆنراوەکەی کردبوو بە سیمفۆنیایەک لە مۆسیقا، پڕ بوو لە هەست و نەست و ئیحساسێکی قوڵ.، پڕبوو لە ڕۆحی ڕۆمانسیەتی ناسکی دەروونی عەبدوڵلا گۆرانی مەزن .

کەریم بە جۆرێک نوقمی هۆنراوە و دەنگ و ئاوازەکەی قادربوو، گۆرانییەکەی لا شیرین تر بوو، پێی وت:

- نەک جارێک سەد جار (درزی پەچەت) پێشکەش بێت .

قادر کابان بەو گۆرانییە، وەک هونەرمەندێکی بەتواناو خاوەن کەسێتییەکی سەنگین و دیار و داهێنەر، ناوبانگی زیاتری پەیدا کرد .

دەنگی قادر کابان بە بێ هیچ زۆر لە خۆکردنێک، بوو بە ڕۆحی هۆنراوە و ئاوازەکە و تێکەڵ بە مۆسیقاکە بوو، وەک شاکارێکی هونەریی نوێ ی گۆرانی، گوێگری هەژاند:

لە ساڵی 1967 قادر کابان لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی دا، کاری کردوە و گۆرانی لە (درزی پەچەوە)*ی ، لە سەر شانۆی سلێمانی و لە ساڵی 1969 بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، لە هۆڵی خولد –ی بەغداد وتووە.

هۆنراوەی (درزی پەچە)و دەنگ و ئاوازەکەی کابان، جۆرە هەستێکی رۆمانسی ناسک بوو، وەک شەپۆلی دەریایەکی ئارام، بە هێمنی لە هۆڵەکەوە دەگەیشتە کەناری رۆح:

درزی پەچە

جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی،
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی:
بۆ سەوزایی دەوروپشتم، بۆ ئاسمان
بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان
ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی، کش و مات،
لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات!
لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی
بەرامبەرم بەژنێ دەرکەوت وەک پەری!
لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵا بوو،
لە دیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو،
بالابەرز و بچکۆلەپێ و ئیسکارپین
گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین!
ئەڕۆیم و دزەی نیگام جارجارێک،
لە ژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک:
بە ڕەوتی کەو، لەنجەی تاوس و قومری
گورج گورج، جوان جوان ئەهات و جادەی ئەبڕی
مابووی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ،
درزێ کەوتە پەچە و دیم نیگای چاوێ،
دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک
چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!
قۆڵ و مەچەک ساف و سپی وەک شووشە،
سەرپەنجەکان یاقووتێک بوون بە ورشە،
بێینە سەر چاو: چاوێک، بڵێم چ چاوێک؟
کانیی سیحر، دەریای عیشوە، گێژاوێک،
کە وا کەوتە بەر شەپۆلی هەستی من،
لەو ڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرەو بن!

4

(عومری شیرینم)

عومری شیرینم یەکێکە لە گۆرانییەکانی هونەرمەندی شەهید قادر کابان، لە ساڵی 1971 لە ڤیستیڤاڵی یەکەمی گۆرانی و مۆسیقای کـوردی لە هۆڵی خولد لە بەغداد پێشکەشی کـردووە، لە شیعری ئەخۆل و ئـاواز و موزیکی هونەرمەند خالید سەرکار، ئەم بەرهەمە یەکێک بوو، لە بابەتە جوان و دیارەکانی ڤیستیڤاڵەکە، کە هەموو جمهوری خستە بارێکی دەروونی پڕ لە تراژیدیا، لەم هۆنراوە و ئاوازەدا .... کابانی هونەرمەند پێشبینی 10 ساڵی گرتن و.بێ سەروشوین کردنی ساڵی 1981 –ی خۆی کردووە، دوای ئەوگرتنەی هیچ کەس نەیبینییەوە.

(شەمی شەوان)

لە ساڵی 1968 دا گۆرانی شەمی شەوانی وتووە، بەڵام تۆمار نەکرابوو، هۆنراوەی وەلی دێوانەیە، ئاوازی قادر کابانە، ئەم بەرهەمە پێشتر لە لایەن لیژنەکەوە رەفز کرا بوو، لە ساڵی 1973هۆنراوەی شەمی شەوان و ئاواز و گۆرانییەکە، هەر بەدەنگی قادر کابان، لە لایەن لیژنەکەوە پەسە ند کرا،

هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی مۆسیقاکەی بۆ ئامادە کردووە، لەساڵی 1973لە بەغداد تۆمار کراوە

هونەرمەند بە دەنگی و ئاوازە کەی لە گۆرانی شەمی شەوان دا، توانیویەتی هەناسەو چاوەروانی و سوێ ی ئازارە کانی دووری وەلی دێوانە بگەیەنێت بەشەم .

(گوڵی سوور)

هۆنراوەی شێخ ئەحمەد –ی شێخ غەنییە، بە نازناوی فـەوزی، گوڵی سـوور ئـاوازی هونەرمەند مامۆستا ولیەم یوحەنایە، لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی دا تۆماری کردووە، ئەم گۆرانییە کاتی خۆی لە کەناری ئاوی زەڵم تۆمار کراوە، غولام سەعید وێنەی ئەم بەرهەمەی تۆمار کردووە .

(لە رێی دڵداری)

گۆرانی لە رێی دڵداری، هۆنراوەی شێخ ئە حمەد -ی شێخ غەنییە، ئاوازی هونەرمەند کەریم کابان –ە لە ساڵی 1954 کەریم کابان ئەم گۆرانییەی لە ئێستگەی کوردی بەغداد تۆمار کردووە، دواتر قادر کابان لە ئاهەنگێکدا جارێکی تر بەدەنگی خۆی ئەم گۆرانیەی وتوەتەوە. دواتر ئەم گۆرانییە بەهاوکاری هونەرمەندان محەمەد رەشید دارتاش و گۆرانی ئیبراهیم خەیات لەدووکانی بەرگدرووەکەی کاک ئیبراهیم خەیات لەجادەی ئۆرزدی تۆمار کراوە .

(بۆ کچێکی بێگانە) (بۆ کچێکی شۆخ)

هۆنراوەی ئەم گۆرانییە هی گۆران -ە و ئاوازی هونەرمەند کەریم کابانە، بەڵام قادر کابان ئەم گۆرانییەی لە گەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر دا تۆمار کرد ووە و موزیکەکەی لەلایەن هونەرمەندان (وریا ئەحمەد و رزگار خۆشناو)ەوە دانراوە .

(فریشتە)

گۆرانی فەیشتە، بۆ یەکەم جار لە لایەن هونەرمەند قادر دیلان، لە سەر ئـاوازی گوڵی سوور –ی هونەرمەند ولیەم یوحەنا وە وتراوە، بەڵام قادر کابان خۆی ئاوازی بۆ هۆنراوەی فریشتە -ی کامەران موکری دانـاوە، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی دابەشکردنی مۆسیقای بۆ ئامادە کردووە، قادر کابان گۆرانی فریشتەی لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی دا تۆمار کردووە.

قادر کابان هونەرمەندێکی خاکی و هوشیارو خاوەن کەسێتی یەکی بەهێز بووە، بە کردەوەو هەڵوێست و هونە ری دەنگ و ئاوازەکانی، خۆشەویستی خەڵک بووە، هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی کارکردن بووە، عاشقی نیشتیمان و هونەری دەنگ و ئـاوازو مۆسیقاو هۆنراوەو هە ڵوێستی نیشتیمانی بووە.

عاشقی هۆنراوەکانی (گۆران، وەلی دێوانە، ئەحۆل، کامەران موکری، ئەحمەد هەردی) بووە .

قادر کابان لە گەڵ (تیپی مۆسیقای مەولەوی) دێرین، (تیپی مۆسیقای سلێمانی)، (تیپی مۆسیقای هەولێر) کاری هونەری کردووە.

ئەم هونەرمەندە بە سەلیقەیە، بە توانای لەبن نەهاتووی خۆی ئاوازی داناوەو گۆرانی وتووە، بە بڕوا بونێکی تەواوەوە، بێ ئەوە ی لاسایی هیچ هونەرمەندێک بکاتەوە، هەموو توانای خۆی خستووەتەگەڕ، بە ناخێکی زۆر تینوەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵ هەست و ڕۆحی هۆنراوە و ئاوازو دەنگی کردوە، ڕۆحی مۆسیقای هۆنراوەکەی تێکەڵ بە ئاوازو دەنگەکەی کردوەو شاکارێکی گۆرانی گەیاندووە بە ڕۆحی ئەوین داران.

هەر کەسێک گوێی لە دەنگ و ئاوازی هونەر مەند قادر کابان بێت، لە ناو دونیای هونەری فەنتازیای هۆنراوە کەو ئاوازەکە و گۆرانییەکە دا، بە جۆرێک نەشئەی گۆرانییەکە دای دەگرێت، حەز ناکات گۆرانییەکە کۆتایی بێت.

(شەمی شەوان)ی، (وەلی و شەم)، لە سەدای دەنگ و ئاوازی کابان، یادەوەرییەکی تاڵی دابڕان و عەشقێکی

ڕۆحییە، لاپەڕەی یادەوەریی دەروونی دەیان (وەلی و شەم)ە، لە شەوانی دابران دا، وەک پەروانە سوتان.

هەی شەمی شەوان هەی شەمی شەوان
هەی شەمی بەشەوق چل چرای شەوان
هەی ژیانی من، هەی ڕۆحی ڕەوان
هەی گلێنەکەی دیدەی بێخەوان
هەی ئاسکی سەرکەل لە سێبەر سڵ کەر
هەی هەوای سازی کوێستانان لە سەر
هەی عەنبەرین خاڵ سۆسەنی کڵاف
هەی ڕووناکایی ڕەشماڵانی جاف
هەی من پەروانەی پەڕ سوتاوی تۆ
هەی من گیرۆدەی زوڵفی خاوی تۆ
تۆ جارێ نایەی بۆ سەر وەختی من
گوێ نادەی بە ئاه، زامی سەختی من
ناپرسیت ئاخۆ من بۆ تۆ چۆنم
بێباکی لە تین قرچەی دەروونم
هەوای کوێستانت وا بۆ بووەوە
حەیفت کرد منت لەبیر چووەوە
بێ مروەتیت کرد هەی شەم دەربارەم
من بۆ تۆ قەیسی سیا ستارەم
وادەی من و تۆ دیوانی خوا بێ
مەگەر ئەو ڕۆژە دادم ڕەوا بێ
(شەم)ی ڕوومەت شەم تۆ بە سەلامەت
سکاڵای دڵم کەوتە قیامەت

5

مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیر بە چەند هۆنراوەیەکی دیوانی (ڕازی تەنیایی)، بوو بە خاوەن دەنگێکی تایبەت، لە هۆنراوە و ئەدەبی کوردی.

قادرکابان بەچەند گۆرانییەکی کەم کە لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، رێچکەیەکی نوێی لە بواری دەنگی تایبەتی و ئاوازی تایبەتی وگۆرانی کوردی نوێ داهێنا، بەو تواناو بەهرەو سەلیقەی دەنگ و ئاوازە تایبەتمەندانە سەراپا کوردستانی هەژاند .

گۆرانییەکانی مایەی تێڕامانی وردو قوڵن، بە رۆمانسیەتی دەنگ و ئاوازەکانی گوێگر نوقمی ئەندێشەی وشەو دیمەنی ئێستاتیکای مۆسیقای جوان و ناسکی هۆنراوەکان دەکات.

ئاوازو دەنگی کابان هاژە هاژی تاڤگەی هونەریی نوێ ی تیپی مۆسیقای سلێمانی و تایبەتمەندی کلتووری داهێنانی شاری سلێمانییە.

ئەوانە ی لاسای گۆرانییەکانی هونەرمەند قادر کابانیان کردووە، نەیانتوانیوە، ئیحساسی ناسکی و ڕۆمانسیەتی جوانی، ئاوازو دەنگی کابان، بە ئەمانەتەوە بپارێزن وبیگەیەننە رۆح .

هونەرمەند عەدنان کەریم، بە ئارامی و هێمنییەوە، زۆر بە جوانی (شەمی شەوانە)کەی کابانی، وتوەتەوە.

کابان بە عەشقەوە، ئاوازی بۆ هۆنراوەی گۆرانییەکانی دادەنـا، بە دەنگ و ئاوازەکانییەوە دەچـووە، خەڵوەتی چیرۆکی نهێنی هۆنراوەی شاعیرەکە.

بە شەپۆلی دەنگ و ئاوازەکانی، سیحری فەنتازیای سیناریۆی هـۆنـراوەی گۆرانییەکەی بە جوانکارییەوە دەخستەڕوو، دەنگ و ئاوزەکانی کابان وەک کامێرایەک، دەیـان وێنەی فۆتۆ و ڤیدۆی گرتەی هۆنراوەکە وەک فیلمێکی سینەمایی دەگەیەنێت بە هەست و رۆح .

کابان شاعیر نەبوو، بەڵام بە قەد شاعیرەکان شارەزای مۆسیقای ناوەو دەرەوەی هۆنراوەی شاعیرەکان بوو.

ئـەو وەک چـۆن عاشقی کـارکـردن و عارەقڕشتن و ماندوبون بوو لە سەرتاشخانەکەی (دەرسیم)، بۆ بژێوییەکی جوامێرانەی ژیان. ئاواش عاشقی هۆنراوە و دەنگ و ئاوازی ئەوین و خۆشەویستی خاک و کلتووری نەتەوەکەی بوو.

کابان وەک هۆنراوەی شاعیرەکان بە دەنگ و ئاوازەکانی، چیرۆکی تاڵی دابڕان و تێکشکانی ئەوینی ڕۆحی دەگایاند.

بـەو ئـاوازو دەنـگـەی، گیانێکی تر و رۆحێکی تری دەکردەوە، بە سیناریۆی عەشقی ئامێزی هۆنراوەکان.

شاعیرەکان و هۆنراوکانیان و عەشقە ڕۆحییەکانیان چەند زیندوون، کابان ئەوەندەی تر زیندوتر و باڵاتری دەکردنەوە، دەیکردن بە گۆرانی و وێـردی سەر زمانی خەڵک .

[تۆنی دەنگی کابان زۆر پاک و بڵندە، بە توانایەکی فەنتازیای هونەری گۆرانی وئاوازەکانی چڕیووە، زاڵ بووە بەسەر تۆنەکانی خۆی دا، ماوەی دەنگی زیاتر بووە لە مەودای چینێک، لە سەر تەبەقەی (لاو سی) یەوە گۆرانی وتووە، پلەی دەنگی زۆر بەرز بووە لە سنووری ئۆکتاف، زیاتر یاری بەدەنگی خۆی کـردووە. جگە لەئاوازەکانی خۆی، ئاوازی کەریم کابانی برای و خالید سەرکار و ولیەم یوحەنای چڕیوە، واتە زۆربـەی ئاوازەکانی هی خۆی و کەریم کابان بوون.

کابان کەمێک شـارەزای ئامێری عود بووە، لە رووی ئەداوە زۆر بە توانا بووە، بێ سنوور عاشقی ئاوازەکانی بووە، بۆیە زۆر سەکەوتوو بووە و ئەم عەشقە وایکردووە داهێنان لە چڕیندا بکات و بووە بەهونەرمەندێکی داهێنەر.

رێڕەوی کاری هونەری قادر کابان لە بارەی رێڕەوی کارە هونەرییەکانییەوە ئاماژەی بەوە کردوەو:

-گۆرانی تەواو، ئەو گۆرانییەیە، هۆنراوەو ئاوازەکەی بەهێز بێت، هونەرمەندەکە بەتواناو عەشقەوە بتوانێت بە ئیحساسێکی تەواوەوە بیلێت، گەر گۆرانییەک بەم شێوەیە وترا سەرکەوتو دەبێت.

ئەو سێ مەرجە بنەڕەتییە لە گۆرانییەکانی قادر کابان دا هەبووە ، خاوەنی جەرەسی دەنگی خۆی بووە.

کێ گوێ ی لەم هۆنراوە شاکارەی کامەران موکری و ئەو دەنگ و ئاوازەی قادر کابان نە بووە، باڵی خەیاڵ نوقمی ڕوومەتی کچێکی قژ زەردو چاو کاڵی نەکردوە؟

کێ لە بەردەم باڵاو کەمەری تەنگ و نیگای نەرمی ئەو رەخشە ی دەنگ و ئاوازی کابان، وەک درەختێک نەڕواوە، ئەو کاتەی نەرمە نیگای چاو کاڵ، لە چاوەکانی ون دەبێت.

هەناسەیەکی پڕ لە پەرستی نەکردوە، بە دوا تاسەی ناکامی.

ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەرد
قژی خاو ئاوریشمێکی زەرد
چاوی کاڵ ئەگەرچی نەرمە
بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە
باڵای وا، دەمێکی وا تەنگ
ئەندامی ئاوا شۆخ و شەنگ
نەبووە یا من نەمدیوە هەر
لەو چەشنە بەژن یا کەمەر
ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەرد
قژی خاو ئاوریشمێکی زەرد
چاوی کاڵ ئەگەرچی نەرمە
بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە
لەو ڕەنگە کوڵمی گەش و ئاڵ
لاملێکی وا جوان و کاڵ

کامەران موکریی

6

هونەرمەند ئیبراهیم محەمەد یەکێکە لە هونەرمەندە دیارو بەتواناکان و هاوڕێی نزیکی هونەرمەند قادرکابان بوو,لە بارەی قادر کابانەوە ئاماژەی بەوەکر دووە:

- هونەرمەند قادر کابان هاوڕێ و برای خۆشەویستم بوو، لە ڕێگای پاکی خۆیدا، دوا هەناسەی سپارد، لە پێناوی گەل و نیشتیمانەکەی دا شەهید کرا، لە سەردەمی ژیانی هونەری ئەودا گۆرانی وتن زۆر دژوار بوو، هەموو بوارە کانی هونەرو ئەدەب سانسۆری لە سەر بوو، هونەرمەند هیچ سەربەستییەکی نەبوو.

بۆ ئەوەی هەموو هۆنراوەو ئاوازێک بە گۆرانی بچڕێ بۆ خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەی. بۆ ئەوەی بەرهەمی ڕەنج و ماندوو بونەکەی بەبا نەچێت، گۆرانی و سروودی نیشتمانی ونەتەوەیی کەمتر دەوترا، ئەو کاتانەی ئێمە لە شاری سلێمانییەوە دەچوین بۆ تەلەفیزیون و ڕادیۆی بەغداد، دەبوایە ئەو هۆنراوانەمان هەڵبژاردایە کە عاتیفی بێت، کە باسی جوانی سروشت و ئافرەت و خاک بکات، من گۆرانییەکم هەیە، «پەیمان» (ئێمە گیانێکین لە دووجەستەدا) ئاوازی ئەم گۆرانییەم، لە گۆرانی «فریشتە»ی قادر کابانەوە وەرگرتووە:

قادرکابان هەموو ئەو گۆرانیانەی لا پەسەند بوو:

(کە گۆرانییە کە، لە رووی هونەرییەوە تەواوبێت، ئاوازەکەی رێک و پێک بێت، دەنگێکی بەسۆزی مۆسیقی هەبێت، هەموو کات حەزی لە گۆرانییە سۆزداری خەمناک و حەزین بوو)، قادرکابان هونەرمەندی میللەتێکی ژێر دەستەبوو، هونەرەکەی و هەڵوێست و یادەوەرییەکانی بۆ هەتا هەتایە لە ناوکوردا دەمێنێت.

ئیبراهیم عەلی مەحمود دیدارێکی لە گەڵ هونەرمەند قادر کابان دا ساز کردووە کابان ئاماژەی بەوەکردووە:

(گۆرانی و ئاوازی کوردی هونەرێکی رەسەنە و مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، جیاوازە لە گۆرانی و ئاوازی میللەتانی تر، تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە. ئاوازو گۆرانی هەریەکەیان تەواوکەری یەکترین، گۆرانی ئاوازە و ئاوازیش گۆرانییە.

ئەو ئاوازو گۆرانیانەی پێشکەشم کردون، ئەوانەشی بەنیازم پێشکەشیان بکەم، لە هەڵبەستی شاعیرە کۆنە کانن ، کە بەشیوەی کلاسکی و رۆما نسین.

لە بەر ئەوەی ئەو هۆنراوانە کێش و قافیەیان هەیە، لە گەڵ ئاوازەکانم دادەگونجێن .

لە نێو ڕیزی هونەرمەندانی کوردا خۆم لە ئاستی ئەو هونەرمەندانەدا دادەنێم کە لە بواری ئاوازو دەنگ و گۆرانی دا دەتوانن خزمەتی نیشتیمان و نەتەوەکەیان بکەن).

قادر کابان هونەرمەندێکی هەست ناسک و دەست و داوین پاک بوو، بە بەردەوامی حەزی لە قسەی خۆش و نوکتە بوو، بەوەفابوو بۆ هاوڕێکانی بەو چەند گۆرانییە دیاریکراوە، سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، خاوەن کەسێتییەکی تایبەتمەندو بەهێزو جوامێر بوو، عیزەتی نەفسی بەرز بوو، خۆشەویستی جەماوە بوو، تا دواهەناسەی سەری بۆ هیچ دەسکەوت و بەرژەوەندیەک نەوی نەکرد.

لە بارەی هۆی دەست بەردان و دوورکەوتنەوەی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی ئاماژەی بەوەکردووە: (تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەو ئەستێرە گەشەیە کە لە ئاسمانی هونەروکوردستان دا هەڵدێت من ئەندامێکی چالاکی ئەو تیپە بووم، لە هەموو چالاکییەکانی دا بەشداریم کردووە، بە ئەرکی سەرشانم زانیووە خزمەتی هونەرەکەم بکەم.

رۆژی دەیان نامەم لە هونەردۆستانەوە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پێ دەگەیشت، داوای بەرهەمی نوێیان لێ دەکردم، منیش وەک هەوڵی خۆم چەند ئاوازێکم دادەناو پێشکەشی لیژنەی پشکنینم دەکرد، کەچی ئەوان پەسەندیان نەدەکرد:

-گوایە ئاوازەکانم مۆرکی کوردی -یان پێوە نییە .

زۆر جار داوام لە هونەرمەندەکانی تیپ دەکرد، خۆیان ئاوازم بۆ دابنێن، یا کەم کوڕی ئاوازەکانم بۆ چاک بکەن

وبۆم دارێژنەوە، بۆم بکەن بە مۆرکی کوردی.

لیژنەی پشکنینی هونەری رەخنەی ئەوەیان لێ دەگرتم، کە مۆرکی ئاوازەکانم کوردی نین.

بۆیە بە ناچاری گۆشەگیر بووم، وازم لە هونەری دەنگ و ئاوازو گۆرانی لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی هێنا ....؟

بەڵام ئامادەم بۆ خزمەتی نەتەوەکەم ئاوازو گۆرانی تۆمار بکەم، لە گەڵ هەر تیپێکدا بێت بە مەرجێک لە پایەی هونەریم نەهێنێتە خوارەوە. هونەرمەندی خاوەن ئەزمون مامۆستا خالید سەرکار لە بارەی بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند قادر کابان ئاماژەی بەوەکرد:

- بە ڕای من پێش ئەوەی هونەرمەند قادر کابان بێتە ناو تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە، وام هەست دەکرد، مۆرکی گۆرانییەکانی بەلای عەرەبی دا چووە، بۆ نموونە گۆرانی بەدەربەدەری یەکێکە لەو گۆرانیانەی لەسەر مەقامی سێگایە، هەست دەکەم تابعی عەرەبی تیایە، دوای ئەوەی قادر کابان هاتە ناو تیپی مۆسیقای سلێمانی یەوە، گۆرانی(ئەی شەمی شەوانی)وت: رووی کردە ئاوازی کوردی لە تابعە عەرەبییەکە دوور کەوتەوە.

ئەو کاتەی قادر کابان ئاوازی دادەنا، ئێمە دەسکاری شتی جەوهەریمان نە دەکرد، خۆی ئاوازاکەی دەهێنا، ئێمە تەنیا بۆمان ڕێک دەخست.

چاوەڕوانی بێ هودە یەکێکە لە هۆنراوە جوان و نایابەکانی مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیر، هونەرمەند قادر کابان-بە ئاوازێکی ئاواز، لە گەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر دا، ئەم گۆرانیەی تۆماری کردوە:

گوێگر لە دەنگ و ئاواز و مۆسیقای هۆنراوەی چاوەڕوانی دا، عاشقێک دەبینێ، چاوەروانی نیگایەکی ئەویندارەکەیەتی، بەڵام ئەو شۆخە، جارێکی تر، لە هیچ ڕێگایەک، وەک جاران نە باڵای، نە نیگای، نابینێتەوە.

چاو چاوەڕوانی، لە تینووی نیگایەکا، هەمووسروشت و ڕێگاکانی لێدەبێت بە سیمای ئەو رەخشە، دەرکەوتی هەموو شۆخێک لە دوورەوە دڵی دائەخورپێنێ. چیرۆکی دابڕان، چاو ی چاوەڕوانی و بێ هودەیی، نیگا ونەکانی، لە عەشقێکی ناکامی دڵدارەکەی دا، دەبێت بە ئەندێشەیی چاوەڕوانی .

هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە

لە سەر ڕێدا ئەوەستم من، هەتاکوو ئاوی پێم دایە

بە دوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەیترۆکێنێ

بە دوو چاوێ کە سرڕی قووڵی لاوێتی ئەدرکێنێ

سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕێگا، هەموو شێوەی ئەوی تیایە

وەکوو دنیا لەناو جوانیی ئەوا توابێتەوە، وایە

شنەی با، باسی جوانیی ئەو بە گوێی مندا ئەچرپێنێ

هەموو دەرکەوتنی شۆخێ، دڵی من دا ئەخورپێنێ

بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە

کە سەرتاپا لە ئاوازی بەهەشتی خواوە پەیدایە

بەڵێ، کاتێ کە ئەو دەرکەوت، ئیتر من بێ سەر و شوێنم

بە تیشکی خۆری جوانی ئەو، بە جارێ قوڵپ ئەدا خوێنم

وەکوو چۆن نەونەمامێ، گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ

لەشم موچڕکی دڵداری، وەها ناخی ئەبزوێنێ

ئەحمەد هەردی

7

پێشوازی لە تەرمی شەهید شەهاب

نەسرین خانی هاوسەری هونەرمەند قادر کابان– لە بارەی کارە نهێنییەکانی هونەرمەند ئاماژەی بەوەکرد:

-ناو بە ناو شەوان قادر لە گەڵ چەند کەسێک دا، لە ماڵی ئێمە کۆدەبونەوە، زۆر جار دوای نیوەڕۆ قادر لە سەرتاشخانەی دەرسیم-ەوە، دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، تا ئێوارە دوو ...دوو.... سێ...سێ کەسانێک دەهاتنە ماڵی ئێمە، نەمان دەناسین لە گەڵ قادر دەچوونە ژوورەوە تا درەنگ کۆبونەوەیان دەکرد، باسی سیاسەتیان دەکرد.

رۆژێک لێم پرسی ئەوە چییە ؟. ئێوە چی دەکەن؟ دەیوت:

- کۆبونەوەمان هەیە .

زۆر لەو کارە نهێنییانەی دەترسام، دەمزانی ڕۆژێک دێت توشی کێشەیەکی گەورە دەبین، پێم وت:

- ئاگات لە خۆت بێت.

بیرمە بەیانییەکی زوو هەستا لە خەو وتی:

- ئەمڕۆ تەرمی شەهید شەهاب دێننەوە، وەسێتی کردووە. من یەکەم کەس بم سەری تەرمەکەی هەڵ بدەمەوە، لە گەڵ کەریم کابانی برایدا رۆیشتن .

هونەرمەند کەریم کابان – یش ئاماژەی بەوەکردووە:

- لە گەڵ قادری برام دا چاوەڕوانی گەیشتنی تەرمەکەی شەهید شەهاب-مان کرد لە بەغدادەوە بگاتە سلێمانی .

فواد عوسمان خوشکە زای قادر کابان لە سەرتاشخانەی دەرسیم شاگردی خاڵە قادری بوو، ئاماژەی بەوەکرد:

- خاڵە قادرم پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لە گەڵ شەهید شەهاب –دا هەبوو، زۆر جار شەهید شەهاب دەهاتە سەرتاشخانەی دەرسیم، لە گەڵ خاڵم دادەنیشتن، بە دەنگێکی نزم و بەهێمنی باسی سیاسەتیان دەکرد، چەندەها جار خاڵم لە دوای نیوەڕوانەوە، کە لە دەرسیم –ەوە دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، پێ ی د ەوتم:

- ئاگات لە دوکانەکە بێت، خۆت کارەکان راپەڕێنە، من ئەمرۆ نایەمەوە.

(دەسگیرکردنی هاوڕێکانی)

نەسرین خان ی هاوسەری دەڵێت:

- چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی قادر دەستگیر بکەن، هەستم دەکرد زۆر بێزارە، وەک رۆژانی تر ئاسایی نەبوو.

لێم پرسی:

- چییە بۆ وا مات و بێ دەنگیت ؟

وتی:

_ چەند هاوڕێیەکم دەستگیر کراون .

پێم وت:

-گەر دەزانیت گرتنی ئەوان مەترسی هەیە بۆسەر ژیانت، بۆ خۆت ناشاریتەوە، بەڵام بێ دەنگ بوو هیچی نەوت.

(یادەوەری)

هونەرمەند کاروان کوڕی قادر کابان چەند ساڵێک پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991، بە ڕێکەوت عوسمان مۆریاسی لە دوکانەکەی خۆی لە قەیسەری نەقیب ناسی بووە، دوای ئەوەی عوسمان مۆریاسی، کاروان کوڕی شەهید قادر کابان-ی ناسی بوو، یادەوەرییەکانی خۆی و قادر کابانی هاوڕێ ی بۆ کاروان گێڕابوەوە:

- من یەکێک بووم لەوکەسانەی، ئابوونەی ڕێکخستنە نهێنییەکانم داوە بە باوکت، دوای ئەوەی کە ئەمنی سلێمانی باوکتیان دەستگیر کرد، ئێمە هەمووومان بۆ ماوەیەک خۆمان شاردەوە، دەترساین باوکت لە کاتی ئەشکەنجەدا بڕوخێت و ناومان بهێنێت، بەڵام باوکت بێ سنوور خۆراگر بوو، ئیعترافی لە سەر هیچ کەس نەکرد، هیچ کەس لە ڕێکخستنەکانمان لە دوای کابان نەگیرا.

ئەنوەری دەلاک دەڵێت:

-من یەکێک بووم لە وانەی قادر کابان کۆبونەوەی پێ دەکردین، زۆر بە جدی و دڵسۆزنە قسەی بۆ دەکردین، هەلسوکەوتی جوان وبەرزو زۆر جوامێر بوو.

8

عەلی لە گەڵ هونەرمەند قادر کابان دا لەسەرتاشخانەی دەرسیم پێکەوە کاریان دەکـرد، لە نزیکەوە ئاگای لە سیناریۆی ئەمنی سلێمانی یوو، لە بارەی چۆنیەتی نەخشەو پیلانـی دەستگیرکردنی قادر کابان- ئاماژەی بەوەکرد:

- دوای نیوەڕۆی 28/ 2 /1981 قادر کابان لە ماڵەوە گەڕایەوە بۆسەرتاشخانەی دەرسیم کە لە نزیک سینەما سیروان –ەوە بوو.

ئەو کاتەی ئەمنەکان هاتن، قادر کابان دەست بەتاڵ بوو، پیکابێکی موسەلەحە لەو بەر دوکانەکەوە، بەرامبەر دەرسیم وەستا، چەند ئەمنێکی تیا بوو، یەکێک لە ئەمنەکان کورد بوو. دوای تاوێک بەرەو دوکانەکەمان هات .

- وتی: کاک قادر هاتووم پێت ڕاگەیەنم لە دائیرەی ئەمنی سلێمانی یەوە بانگت دەکەن و ئیشیان پێتە، تەنیا چەند پرسیارێکت لێ دەکەن و دەگەڕێیتەوە.

- قادر کابان وتی:

- ئیشیان بەمن چییە ؟

ئەمنە کوردەکە وتی:

- من هیچ نازانم، تەنیا ئەوەم لەسەرە تەبلیغت بکەم، ئەوەتا ئەمنەکان لەوبەرەوە لای موسەلەحەکە وەستاون چاوەڕوانی تۆ دەکەن.

قادر کابان هیچ خۆی تێک نەدا وتی:

- باشە با کەمێک چاوەڕوانم بن .

لەو کاتەدا بەهێمنییەکەی خۆی دەستی دەدایە مەکینەی سەرتاشینەکەو بەپاک کردنەوەیەوە خۆی سەرقاڵ کرد.

وتی:

- باشە با ئەم مەکینە پاک بکەمەوەو دێم لە گەڵتانا .

لەوکاتەدا ئەمنە کوردەکە گەڕایەوە بۆ لای ئەمنە عەرەبەکانی لای موسەلەحەکە، کە لەو بەرەی دوکانەکەی وەستا بوون، دوای تۆزێک قسەکردن لە گەڵ ئەمنەکان سواری موسەلەحەکە بوون و ڕۆیشتن .

بەڵام دوو ئەمنیان وەک چاودێر لەو بەرەوە لەشوێنی موسەلەحە بەرامبەر سەرتاشخانەی دەرسیم دانابوو، زۆر بەوردی چاودێری قادر کابان و سەرتاشخانەکەیان دەکرد .

لەو کاتەدا قادرکابان ئەو چاکەتەی کە بەعەلاگەکەوە هەڵواسرابوو، لە بەر کرد، ئەو ڕۆژە چاکەت و پانتۆڵی شینی کاڵی لە بەرکردبوو.

لەو کاتەدا عەلی شاگردی ڕووی کردە قادر کابان پێی وت:

- کاک قادر چییە ؟ هیچ لە خۆتا شک دەبەیت، گەر شتێکی نهێنی هەیە و مەترسی بۆسەر ژیانت، تا زووە بە.

خێرایی خۆت لەم ناوە ون بکە و ڕابکە بۆ شوێنێک، نەتوانن بدۆزنەوە، پێش ئەوەی ئەوان بێنەوە .

قادر وتی:

- هیچ نییە، ئێستا لە گەڵیان دەڕۆم و دەگەڕێمەوە .

- دوو ئەمنەکە بە زەقی لەو بەرەوە چاودێری وردیان دەکرد.

دوای ماوەیەکی کورت موسەلەحەکە گەڕایەوە .

ئەمنە کوردەکە جارێکی تر لە لای موسەلەحەکەوە خۆی گەیاندە ناو سەرتاشخانەی دەرسیم وتی:

- کاک قادر ئێستا حازریت، ئەمنەکان لەوێ وەستاون چاوەڕوانی تۆ دەکەن.

قادر کابان وەڵامی نەدایەوە، سە یرێکی کرد، لە گەڵ ئەمنە کوردەکەدا، هەنگاویان نا بەرەو لای موسەلەحەکە و لە گەڵیان دا ڕۆیشت بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی لە شەقامی سالم .

9

ئێوارە ی 28 / 2 / 1981، (کاروان و کوێستان و کاوان)، چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکیان بوون، باڵی تاریکی شاری خامۆش کرد، باوکیان ئەو ئێوارەیە نەگەڕایەوە.

کاروانی کوڕی قادر کابان، تەمەنی 13 ساڵ بوو، لە بارەی ئەو ئێوارە نائاسایی و ئەو یادەوەرییە تاڵە، پڕلە چاوەڕوانییەوە ئاماژەی بەوەکرد:

- ئەو ئێوارەیە، لە هیچ ئێوارەیەکی تر، نەدەچوو، زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان وخزمان ڕوویـان کرد بووە ماڵی ئیمە، دایکم نەخۆش بوو، من وکوێستانی خوشکم وکاوانی برام سەرمان سوڕما، بوو بۆ باوکمان تائێستا لە دەرسیم نـەگـەڕاوەتـەوە، ئەی ئەم هەموو خزمە، بۆ لە ماڵی ئێمە کۆبونەتەوە؟

لە دەم و چاوی هەموو خزمەکان دا، بێ دەنگی و خەمێکی قوڵ و نهێنییەکی پڕلە پەنهانیی دەخوێندەوە، ئەوئێوارەیە، ئەوان هیچیان بە ئێمە نەوت.

دوای چەند ڕۆژێک پێیان وتین:

- چەند ئەمنێک باوکتانی دەستگیر کردووە، دوو ڕۆژ لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی بووە، گواستراوەتەوە بۆ بەڕیوبەرایەتی ئەمنی کەرکوک.

بڕیاری دەستگیر کردنەکەی کابان، لە موخابەراتی کەرکوکەوە دەرچووبـوو، بۆ ئەمنی سلێمانی، لە ئەمنی سلێمانییەوە گواسترابوەو بۆ موخابەراتی کەرکوک.

- بە نوسراوی ژمارە 189

لە 28 شوباتی 1981

نامەیەکی نهێنی و خێرا

لە موخابەراتی التأمیم ـەوە. بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی.

فەرمانی دەستگیرکرنی قادر کابان –ی خاوەنی دوکانی سەرتاشخانەی دەرسیم دراوە، لە پارێزگای سلێمانی.

ئەمنی سلێمانی لە سەر ئەو بڕیارەی موخابەراتی کەرکوک، قادرکابان یان دەسگیرکردو بە زیندانی، ڕەوانـەی ئەمنی کەرکوکی کرد، ئەوان لەوێ گواستیانەوە بۆ موخابەراتی کەرکوک.

دوای لێکۆڵینەوەی ورد و چڕ و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی، قادر کابانیان گواستبووەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی ئیستیخباراتی گشتی لە بەغداد.

ماوەیەک لە زیندانی موخابەراتی گشتی، بـەوردی و چڕیی لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ کرد و ئەشکەنجە یان دابوو،

گواستویانەتەوە بۆ بەشی تایبەتی لە موخابەراتی عێراق، لە زیندانی ئەبوغرێب.

نەسرین خان خێزانی قادر کابان ئاماژەی بەوەکرد:

- دەرگای هەموو زیندانەکانمان گرت، شوین نەما رووی تێ نەکەین و هەواڵی نەپرسین، هیچ سۆراغێکی کابانمان چنگ نەکەوت.

هەر زیندانییەک ئازاد بکرایە، لە هەرکوێیەک بوایە، بە خێرایی خۆمان دەگایاندە لای ئەو زیندانیە، هەر زیندانییەکی حوکم بدرایە لە ئەبوغرێب، خۆمان دەگەیاندە لای، هیچ زانیارییەکی کابانمان، لەو هەموو گەڕان و بەدواداچونانەدا، دەست نەکەوت.

+ زیندانییەک پێ ی وتین:

- گوێم لەدەنگی قادر کابان بوو، لە ژوورەکەی ئەو دیوی ئێمە وە، بەدەنگێکی زۆر خەماویی و حەزینەوە، مەقام و گۆرانی دەوت.

+ زیندانییەکی تر پێ ی وتین:

- قادر کابانیان لە ژووری لێکۆ ڵینەوە و ئەشکە نجەدانەوە. لە بەتانییەکی پێچراوەوە، هێنایانە ژوورەکەی ئێمە، ئەوەندەیان ئەشکەنجە دابوو، لە هۆش خۆی چوو بوو.

+ زیندانییەکی تر گێڕایەوە:

- جەللادەکان بەقادر کابانیان وتبوو:

- ببە بە بەعسی و لە گەڵ ئێمە کار بکە.

کابان هەموو داواکارییەکەیانی ڕەتکردبووە.

+ دەرسیم دیبەگەی نووسەر دەڵێت:

- ئیستیخبارات دەزگایەکی عەسکەرییە بۆ کاروباری سەربازیی ناوخۆیی عێراق، بەڵام موخابەرات زیاتر پەیوەندی بە کاروبارەکانی دەرەوەی وڵاتەوەبوو.

من لە سەرەتای پرۆسەی ئەنفالی 1988، لە بەشی زیندانی (احکام خاصە) زیندان بووم، لە ئەبوو غرێب، بەیانییەک، ئەمنی ئەبوغریب، چەند زیندانییەکیان لە بەشی ئەحکام خاسە جیا کردەوە بۆ ئەوەی، بۆ عەمەل شەعبی، منیش یەکێک بووم لەو زیندانیانە.

چەند ژوورێکی بەشی تایبەتی، زیندانی موخابەراتیان بۆ دیاری کردین، بۆ ئەوەی ئێمە دیوارەکانیان بۆیاخ بکەین، هیچ زیندانییەک لە ژوورەکانی موخابەرات نەمابوو.

ئەمنی ئەبوو غریب، دەرگاکانیان لە دیوی دەرەوە لەسەر قفڵ کردین، لە سەر دیواری ژوورەکانی ئەو زیندانە، ناوی نیشانی چەندان فرۆکەوان و یاریدەدەری فرۆکەوان، بە پلەی سەربازی جیا جیا، لە کاتی کەوتنە خوارەوەی

فڕۆکەکانیان، بەدیل گیرابوون، لە سەر دیواری ژوورەکانی زیندانی موخابەرات، بەهەڵکۆڵین تۆمارکرد بوو، کارەکانی موخابەراتی عێراق زۆر نهێنی بوو، ئە زیندانانەی موخابەرات هیچ سۆراخێکیان نابێ.

دەرسیم دیبەگەی دەڵێت:

- (قادر سیانە کەرکوکی و نەجات کەرکوکی)و عەنقەرچییەکان، هاتوو چۆی گشت بەشەکانی زیندانی ئەبوغرێب یان دەکرد، لەوانەیە زانیاری گرنگ و نەبیستراویان لا بێت، لە بارەی زۆر لەو زیندانیانەی موخابەرات و ئەبوغرێب، تا ئێستا بێ سەروشوێنن و هیچ سۆراخێکیان نییە.

دەرسیم دیبەگەی، لە سەر یەکێک لە دیوارەکانی زیندان ی مخابەرات –ی ئەبوغرێب

-ئەم ناونیشانەی بە هەڵکۆڵراویی لەسەر دیوارەی (ژوورێکی موخابەرات) بینی:

(قادر کابان –دەرسیم)

لەخوار ناوەکەی ڕۆژ و ساڵی دەستگیرکردنەکەی، توشی تێڕامانی کرد:

بۆ ناوی هونەرمەند قادر کابان لە سەر دیواری ژووریی زیندانی موخابەراتی عێراقە لە ئەبوو غرێب؟.

10

شەوی 6- 7 / 2 / 1981 (کەمال محەمە ئەمین)[5]، لە دەرەوە گەڕابووەوە بۆ ماڵی خۆیان، لە دەرگای دەرەوە هەنگاوی نا بوو بۆ ناوحەوشەکەی ماڵی خۆیان، چەند چەکدارێکی ئەمنی بینی، حەوشەو سەربانی ماڵەکەیانی تەنی بوو، لولەی چەکەکانیان ئاڕاستە ی سەر سنگی کرد، هیچ بوارێکی دەرچوونی نەبوو.

ئەمنەکان (کەمال)یان بە کەلەپچە کراوی و چاوبەستراوی برد بۆ زیندانی ئەمنی سلێمانی، ماوەیەکی زۆر، لە لێکۆڵینەوە دا، ئەشکەنجەیەکی جەستەیی وەدەروونیان دا.

دوای مانگێک، کەمال و زیندانییەکان لە ژوورەکەدا دانیشتبوون، ئەمنەکانیان بینی (قادر کابان)ی هونەرمەند یان هێنا بۆ زیندانی ئەمنی سلێمانی، قاتێ جلی جوان و قاپوتێکی رەشی لە بەردا بوو، جوتێ پوتی قاوەیی لە پێ دابوو، ناسنامەی (دەلاکی و هونەرمەندان وفەرمانبەری پەروەردەی پێ بوو، لە ناو هەموو زیندانییەکان دا، کابان تەنیا (نەورۆز سدیق شا وەیس)[6]ی ناسییەوە.

لەو کاتەدا کەمال، بە هۆی ئەشکەنجەوە، باری تەندروستی خراپ بوو، تەوقەی لە گەڵ قادر کابان دا کرد، قادر کابان بە سەرسوڕمانەوە وتی:

---

5. چمکێک لە یادو بیرەوەرییەکانی شیو عییەک، نوسینی کەمال محەمەد ئەمین، ل96–97، 2010

6. شەوی 5–6 / 2/ 19٨١ ئەمنی سلێمانی، (خدر عەلی کاکل و مەلا بەکرو نەورۆز سدیق شاوەیس یان دەستگیر کرد.

-کاک کەمال ئەوە تۆی، ڕوخسارت، بە جۆرێکی وا گۆڕاوە، بەم ریشەدا نەمناسیتەوە .

کەمال وتی:

-کاک قادر، لەسەر چی تۆیان دەستگیر کردووە ؟

- هیچ لەو بارەیەوە نازانم، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕوودەکەنە دوکانەکەم، ڕەنگە رۆژێک لە ڕۆژان، یەکێک لە دوکانەم دا قسەیەکی کردبێت .

لەو کاتەدا قادر کابان بە هێمنییەوە، رووی لە هاوڕێ زیندانییەکانی کرد و پێی وتن:

-من پارەم زۆر پێیە، با پێکەوە بەشی بکەین .

زیندانەکان قبوڵیان نەکرد .

کابان پێ ی وتن:

-ئەگەر لەم زیندانە ماینەوە، هەمووومان خاوەنی یەک گیرفانین، چیمان پێویست بێ بەم پارەیە دەیکڕین ؟.

کابان بە زۆر(15) دیناری دا بە (نەورۆزسدیق)، ئەمنەکان کەمال یان بردبووە ژوورە بچوکەکەی بەرامبەر ئەوان، (2) دیناری بۆ کەمال یش نارد .

شەوێک زیندانی ئەمن سلێمانی کش و مات بوو، خەو لە چاوی هەموو زیندانیەکان تۆرابوو، لە وکاتەدا قادر کابان بە دەنگ و ئاوازێکی خەمناکی پڕ لە حەسرەتەوە، ناخی هاوڕێ زیندانییەکانی بەم گۆرانییە هەژاند:

بە جارێ ماڵی وێرانم | **لە گەڵ تابوتەکەم ساف ساف**
بەسەرچوو وەعدەی ژینم | **بە مەحزوونی بتان بینم**
بە ناکامی لە دنیادا | **وەسیەت بێ لەسەیوانا**
بە با چوو عومری شیرینم | **بچن تەسلیم بە خاکم کەن**
رەفیقان توخوا یەک یەک | **بەداوی زوڵفی لەیلا بێ**
لە دەوورم کۆمەڵێ بگرن | **دروونی کفنی رەنگینم**
بەیادی کەن زەمانی زووم | **لە ناو قەبرا دەمم پرکەن**
ژیانی ساڵی پێشینم | **لە خاکی رێگا کەی یارم**
بە خاکی گۆڕەکەم سویندتان ئەدەم | **نەوەک ئاسمان بسوتێنێ**
ئەی هام نیشینانم | **هەناسەی جەرگی خوێنینم**

نیوەرۆیەکی درەنگ، ئەمنێک بە دەنگی بەرز وتی:

- عەبدولقادرجەلال مەحمود

ئەو ئەمنەی قادر کابانی بەدەست و چاوبەستراوی برد، ئیتر جارێکی ترهیچ کام لە، زیندانییانی ئەمن ی سلێمانی نەیان بینییەوە.

دوای ماوەیەک کە کەمال محەمەد ئەمین لە زیندان ئازاد کرا، ورەو ئیرادەو هەڵوێستە باڵاکانی قادرکابانی بە بیری(نەورۆز سدیق شاوەیس)ی هاوڕێ ی دا هێنایەوە .

نەورۆز وتی:

- سەردانی ماڵی قادر کابانم کرد، ئەمانەتەکەی کابانم دایە دەست هاوسەرەکەی[7].

7. عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، دیمەنێک لە کتێبی (رەشەبای ژەهرو ئەنفال) بەرگی سێیەم، چاپ نەکراوە .



نۆتی گۆرانی عومری شیرینم

11

له 28 / 2 / 1981 هونەرمەند قادر کابان له سەر بڕیاری موخابەراتی کەرکوک لە سەرتاشخانەی دەرسیم لە سلێمانی دەستگیر کرا، ئەو کاتە نەسرین خانی هاوسەری هونەرمەند تەمەنی 27 ساڵ بوو، کاروان –ی کوڕی 13 ساڵ و کوێستان -ی کچی 11 ساڵ وکاوان- ی کوڕی9 ساڵ بوو.

کـاروا ن قـادر کابان لە بـارەی کەسێتی باوکییەوە دەڵێت:

- باوکم زۆر هێمن و ئارام و لەسەر خۆبوو، تورە بوونی نەدەزانی، هانی ئێمەی دەدا بۆ خوێندن، دەیزانی من حەزم لە وێنە کێشانە دەفتەری وێنەو بۆیەی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ دەکڕیم. لە 28/2/-1981ەوە، باوکم لە لایەن چەند ئەمنێکەوە, لە سەرتاشخانەی دەرسیم دەستگیر کرا، لە سەعات -6ی بەیانی 1/7/1981 دوای 4 مانگ لە سێدارە درواوە لە ئەبو غرێب و تەرمەکە ی شوین بزرکرا، لە دوای گۆڕانکاریی و رژێمی بەعس لە 9/4/2003 تەنیا وەفات نامەکەیمان دۆزییەوە، ئیتر جاریکی تر ڕوخساری مان نەبینییەوە، ئێمە لەسۆزی باوکایەتی بێ بەشکراین، دایکم وەک هەموو ژنە شەهیدێکی خاوەن هەڵوێست ئەرکی پەروەردەرکردنی هەمووماني لە خۆ گرت.

ئەنجام

لەم توێژینەوە کورتەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

1 - هونەر مەند قادر کابان لە منداڵییەوە تا ئەو ڕۆژەی دەستگیریان کرد، بە بەردەوامی کاری کردووە بەشەویش خوێندویەتی.

2 - لە خانەوادەیەکی خاوەن بەهرەی وردو قوڵ دا پەروەرد بوون، لە منداڵییەوە عاشقی هونە ری دەنگ و ئاواز و هۆنراوە گۆرانی و مۆسیقا بوون.

3 - قادر کابان و کەریم کابان دوو هونەرمەندی بەتوانابوون لەبواری دەنگ و ئاواز و گۆرانی دا، ڕێڕەوێکی تایبەتمەندی هونەری نوێ یان لە بواری دەنگ و ئاوازو گۆرانی دا گرتوەتە بە ر، بە ڕێچکەی نوێ و داهێنانی نوێ دادەنرێت.

4 - کابان پەیوەندی هەبووە بە ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان-ەوە، ئەوەی مایەی تێڕامانە بۆ دەبێت ئەمنی سلێمانی بە بڕیاری ئیستیخبارات کەرکوک قادر کابان دەستگیری بکەن، دوای دەستگیر کردنەکەی بیگەیەننە ئیستیخباراتی کەرکوک ...بەغداد ...لەبەشی زیندانی موخابەراتی عێراق لە ئەبوغرێب، لە ماوەیەکی کورت دا لە سێدارەی بدەن.ئەمە نهێنی یەکی ئاڵۆزە و

بەدواداچونی وردی دەوێت، بەپێی سیستەمی نەخشەو پلانی ئەوسای زەبرو زەبگ و گرتن و کوشتنی دەسەڵاتی تۆتالیتاری عێـراق، تەنیا دائیـرەی ئەمنی سلێمانی تێکۆشەرەکانی دەستگیر دەکرد، دەیناردن بۆ هەیئەی خاسەی کەرکوک، دواتر ئەمنی عامە ...ئەم سیناریۆیەی ئیستیخباراتی کەرکوک و بەغداد، موخابەراتی زیندانی ئەبوغرێب کارێکی نامۆیەو پرسیاری بێ وەڵامـی زۆر دەورژێنێت.

5 - بە پێی ئەم بە دواداچـوون و توێژینەوە کورتە، پێم وایە قادر کابان ئەشکەنجەی زۆر قورس و دڕندانە دراوە و ئیعترافی نەکردووە، هیچ نهێنییەکی نەدرکاندووە، لە ژێر زەبری ئەشکەنجەیەکی بێ سنووردا دوا هەناسەی سپاردووە، زۆر لەو زیندانیانەی کە لەژێر زەبری توندو تیژی جەلادەکان دا گیان دەسپێرن، جەللادەکان بۆ ئەوەی تاوانە ئەشکەنجە بێ سنوورەکانیان بشارنەوە، تەرمی زیندانەکە لە شوێنێکی نهێنی بەخاك دەسپێرن، لە وەفات نامەیەکی دا، سیناریۆی بۆ دروست دەکەن.

6 - دوای دەستگیر کردنی کابان هیچ کـەس لە هاوڕێکانی و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستگیر نەکرا. ئەمەش لوتکەی هەڵوێستی شکۆمەندی هونەرمەندی شەهید قادر کابان-ە .

بەرهەمەکانی قادر کابان

1 - بە دەربەدەری، هۆنراوەی هەژار موکریانی، ئاوازی قادرکابان.

2 - داوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە دوژمن، هۆنراوەی برایم، ئاوازی ئەحمەد قادر کابان.

3 - لە درزی پەچەوە، هۆنراوەی گۆران، ئاوازی کەریم کابان.

4 - ئەی شەمی شەوان، هۆنراوەی وەلی دێوانە، ئاوازی قادر کابان.

5 - لە ڕێی دڵداری دا، هۆنراوەی شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی، ئاوازی کەریم کابان.

6 - بۆ کچێکی شۆخ، بۆ کچێکی بێگانە، هۆنراوەی گۆران، ئاوازی کەریم کابان.

7 - چاوەڕوانی بێهودە، هۆنراوەی ئەحمەد هەردی، ئاوازی قادر کابان.

8 - عومری شیرینم، هۆنراوەی ئەخۆل، ئاوازی خالید سەرکار.

9 - گوڵی سوور، هۆنراوەی شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی، ئاوازی ولیەم یوحەنا.

10 - فریشتە، هۆنراوەی کامەران موکری، ئاوازی قادر کابان.

أ. پەراوێزەکان

1 – کابان: لە کۆمەڵگای کـوردەواری دا بەگشتی و لە سلێمانی بە تایبەتی زۆر لە کوڕەکان بە ناوی دایکیانەوە بانگ دەکەن، ئەمەش لە سەردەمی زۆر کۆنەوە تا ئێستاش هەر باوە .....نازناوی بنەماڵەی کابان، لە نەنکی باوکی هونەرمەند ی شەهید قادرەوە بڵاو بوەتەوە.

ژنێکی زۆر بەناوبانگ و لێهاتوو بووە، دوای ئەوەی کە مێردەکەی دەمرێت، لە جیاتی هاوسەرەکەی وەک کەسێتیەکی دیار بە جل و بەرگی کوردی یەوە بونی خۆی و کەسێتی بەهێزی خۆی دەسەلمێنێت

هەموو کاتێک تفەنگ و خەنجەری پێ بووە، خەڵک زۆر ڕێزیان لێگرتووە، نازناوی کابان لەو کاتەوە تا ئێستا بۆ ئەم بنەماڵە ماوەتەوە.

2 – کـاروان قـادر کابان: لە ساڵی 1968 لە گەرەکی شێخان لە سلێمانی تەواو کردووە، ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە.هونەرمەندی شێوەکارو بەشداری چەندین پێشانگای کردووە.

3 – کوێستان قادر کابان: لە ساڵی 1970 لە گەرەکی شێخانی شاری سلێمانی لە دایک بووە .

4 – کاوان قادر کابان: لە ساڵی 1972 لە گەرەکی شێخان لە سلێمانی لەدایک بووە، دەرچـوی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەشی شانۆ.

6 – ئەو کوردەی کە لە گەڵ ئەمنەکان دابوو، ئەو تەبلیغی هونەرمەند قادر کابان–ی کرد ناوی(م . ج. ی . د) ه، پۆلیس بوو لە سەرای سلێمانی، دوای کوژرا.

7 – شەوی 5–6 / 2/ 1981 ئەمنی سلێمانی، (خدر عەلی کاکل و مەلا بەکرو نەورۆز سدیق شاوەیس یان دەستگیر کرد.

سەرچاوەکان:

1 - کاروان قادر کابان، گفوگۆو چاوپێکەونی بەردەوام.

2 – ئیبراهیم عەلی مەحمود چاوپێکەوتنێک لە گەڵ هونەرمەند قادر کابان ژمارە 33 –ی پاشکۆی عێراق – کانوو نی دووەمی ساڵی 1980.

3 – دەرسیم دیبەگی، **گفوگۆو چاوپێکەونی نووسەر**

4 – عەبدوڵڵا کەریم مەحمود 1977، مژدانەی شەکراوێکی تاڵ/ چاپخانەی ڕاپەڕین– سلێمانی.

5 – عەبدوڵڵا کەریم مەحمود 1977، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی سێیەم– چاپ نەکراوە

4 – کەمال محەمەد ئەمین 2010، چمکێک لە یادو بیرەوەرییەکانی شیوعییەک.

وێنە و بەڵگەنامەکان



قادر کابان لە تەمەنی لاوێتیدا



قادر کابان لە تەمەنی لاوێتیدا



قادر کابان لەبەردەم سەرتاشخانەکەیدا



قادر کابان



تابلۆی قادر کابان، کاری هونەرمەندی شێوەکار (ڕێبوار خالید)

قادر کابان لە حەوشەی ماڵی خۆیان

هونەرمەندان کەریم کابان و قادر کابان

قادر کابان و هاوسەرەکەی، نەسرین خانی کەریمی حەمەسور

کەریم کابان ،قادر دیلان ،جەمال کابان، بەهادین کابان

قادر کابان لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد و عەرەب

قادر کابان

قادر كابان

قادر کابان لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر



هونەرمەندی شەهید قادر کابان لەگەڵ (نەسرین کەریم) خێزانی


لە دەورم کۆمەڵی بگرن
هونەرمەند
قادر کابان.
١٩٢٧ - ١٩٨١
THE ARTIST , QADIR KABAN

منداڵەکانی قادر کابان- لای ڕاستەوە (کاوان - کوێستان - کاروان)

منداڵەکانی قادر کابان- لای ڕاستەوە (کاوان - کوێستان - کاروان)

منداڵەکانی قادر کابان (کاوان - کوێستان - کاروان)، لەگەڵ دایکیان
(نەسرین کەریم) خێزانی هونەرمەندی شەهید قادر کابان

ڤۆدانەی شەکراوێکی تاڵ

سلێمانی ١٩٧٧

بلا کەریم مەحموود



الى // امن البلده
من // امن السليمانيه الاقتصاديه والجنائيه /١

برقيه سريه وفوريه

١٩٨١/٢/٦

المش ((٨٦٦٩)) يلقى القبض على المدعو قادر كابان صاحب محل حلاقة درسيم في السليمانيه وارساله الينا بغاية السرعه ((٠)) اعلمونا

رائد الامن
م/ مدير امن محافظة السليمانيـــه

المرسل نوري
المستلم يوسف

دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی قادر کابان، لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە



بسم الله الرحمن الرحيـــم

الامن العامه
مديرية امن محافظة السليمانيـــه
شرق ج ١
العـــدد // ٨٧٤٤
التاريـــخ / ١٩٨١/٢/٦

الشهداء اكرم منا جميعـــا

الـــى / مديرية مخابرات التأميم
م / امر قبض

برقيتكم ١٨٩ فـــي ١٩٨١/٢/٢٨
تم القبض على المدعـــو عبد القادر جلال محمـــود كابان موضوع البحث عليه نسيره اليكم صحبة كتابنا راجين استلامه واعلامنـــا لطفـــا ٠

اعقيد الامن
مدير امن محافظة السليمانيـــه

استلمت

دەستگیرکردنی قادر کابان، لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية
م/ مديرية امن السليمانية
م/ مصادرة اموال
العدد ٢٨٢٦٧ في ٢٦/ ٧/ ١٩٨١

معاونية امن البلدة
العدد/ ٥٨٢٩
التاريخ/ ٢١/ ٧/ ١٩٨١

لدى الاستفسار وجمع المعلومات بما يخص المدعو عبد القادر جلال محمود كابان تبين لنا من دائرة التسجيل العقاري قد حجزت امواله المنقولة وغير المنقولة وحجزت داره الواقعة في التسلسل ٢٧٧/ م٢ ملكندي ويوجد لديه قطعتين من الاراضي المرقمة ١٢٧/١٤٧ و ١٢٧/١٤٦ حسب اشعارها من مديرية التسجيل العقاري العام بكتابها المرقم ٥٠١٥ في ٢٤/ ٧/ ١٩٨١ للتفضل بالعلم مع التقدير

مدير امن البلدة

دەرچوونی دەستبەسەرداگرتنی خانوو موڵکی قادر کابان

الجمهورية العراقية

محافظة السليمانية
الاملاك

العدد / ٢٨٩٦
التاريخ / ٢٩ / ٨ / ١٩٨١

((سـري))

الى / مديرية التسجيل العقاري في السليمانية

الموضوع / مصادرة اموال

اشارة الى كتابكم المرقم ٩٦٥٥ في ١٢/٨/١٩٨١ المعنون الى مديرية التسجيل العقاري العامة وصورة منه الينا بصدد الموضوع نرجو ملاحظة كتابنا المرقم ٤٧٦٧ في ٢٨/٧/١٩٨١ الذي طلبنا بموجبه عند العثور على الاموال باسم المصادر امواله المدعو عبدالقادر جلال محمد كابان القيام بتسجيلها باسم الخزينة لذا نرجو تسجيل الدار ذات تسلسل ٤٧٧/٢ ملكندي وكذلك القطعتين المرقمتين ١٢٧/١٢٦ و ١٢٧/١٢٧ من المقاطعة ١ـ ملكندي ودباشان العائدة الى المومأ اليه وتزويدنا بسنداتها العقارية الدائمة واعلامنا .

حسين ابراهيم دروييش
م. محافظ السليمانية

نسخة منه الى /

مديرية التسجيل العقاري العامة ـ الحقول ـ الدعاوي ـ
مديرية الاملاك والاراضي الاميرية العامة ـ اشارة لحاشية كتابنا اعلاه نرجو التفضل بالاطلاع .
قائممقامية قضاء مركز السليمانية ـ يرجى بيان كلفة اشغال الدار المذكورة اعلاه في الوقت الحاضر واعلامنا .
مديرية امن محافظة السليمانية

الوارد
العدد ٤٩٩٧
التاريخ ٢٩/٨/١٩٨١

بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی قادر كابان

مديرية امن البلدة
العدد/ ٥٨٢٩
التاريخ/ ٢١/٧/١٩٨١

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

الى/ مديرية امن السليمانية/ ش ٥ ع د ٤
م/ مصادرة اموال

كتابكم ٢٨٢٦٧ في ٢٦/٧/١٩٨١

لدى الاستفسار وجمع المعلومات بخصوص المدعو عبد القادر جلال محمود كابان تبين لنا من دائرة التسجيل العقاري قد حجزت امواله المنقولة وغير المنقولة وحجزت داره المرقمة في الطابو ٢٧٧/٣ ملكندي ويوجد لديه قطعتين من الاراضي المرقمة ١٢٧/١٤٧ و ١٢٧/١٤٦ علمه اخبرنا بامر من مديرية التسجيل العقاري العام بكتابها المرقم ٥٠١٥ في ٢٤/٧/١٩٨١ للتفضل بالعلم رجاء

[illegible]
مدير امن البلدة

٩١٢٠٨

دەرچوونی دەستبەسەرداگرتنی خانوو موڵکی قادر کابان

الجمهورية العراقية

وزارة الصحة

مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم ٤١

رقم الجلد ٩١٣٩

شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ١/٧/١٩٨١

المتوفي	١ ـ اسم المتوفي ولقبه: عبد القادر كابان / ٢ ـ عمره: ٤٤ سنة / ٣ ـ جنسه: ذكر
	٤ ـ جنسيته: عراقية / ٥ ـ دينه او معتقده: مسلم / ٦ ـ حرفته (مهنته): حلاق
	٧ ـ الحالة الزوجية للمتوفي : اعزب ...... متزوج X ...... ارمل ...... مطلق ......

٨ ـ اسم والد المتوفي: جلال محمود

٩ ـ اسم والدة المتوفي: حلاوه علي

١٠ ـ تاريخ الوفاة

الساعة	اليوم	الشهر	السنة
٦	١	٧	١٩٨١

١١ ـ محل الوفاة

المحلة او القرية / الناحية / القضاء / المحافظة: سجن الاحكام الثقيلة

١٢ ـ اسم المبلغ عن الوفاة: الدكتور رجاء حاكم علوان

١٣ ـ صلته بالمتوفي: الطبيب الحكيم

١٤ ـ عنوانه الكامل: سليمانية / بواسطة العامل الفني كريم كامل من جامعة سليمانية / شعبة الثقافة والفنون

١٥ ـ شهادة الوفاة الطبية

سبب الوفاة: الاعدام شنقاً حتى الموت

المدة التقريبية بين ظهور الاعراض والوفاة

١ ـ المرض او الحالة التي ادت مباشرة للوفاة .

اسباب نشأ عنها السبب المباشر للوفاة .

الحالة المرضية ـ ان وجدت التي ادت للسبب المذكور سابقاً مع ذكر السبب الاصلي في النهاية .

أ ـ تسبب عن (أو نتيجة لما يليها) ....

ب ـ تسبب عن (أو نتيجة لما يليها) ....

ج ـ ....

٢ ـ احوال مرضية اخرى هامة (ان وجدت) ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة ....

١٦ ـ اشهد بان الوفاة قد حدثت من الاسباب المثبتة اعلاه

عنوان اشتغال الطبيب ....

اسم الطبيب: رجاء حاكم علوان

توقيع الطبيب:

وختم المؤسسة الصحية

١٩٨١/٧/١

١٦ ـ أ ـ حدثت الوفاة :

في البيت ■ في المستشفى ■ مع ذكر اسم المستشفى . في محل آخر ■ (   )

١٧ ـ شهادة طبية عدلية (تملا من قبل الطبيب العدلي)

اني الموقع ادناه الدكتور .... الطبيب في .... قمت بتشريح جثة المتوفي .... والمرسلة من قبل .... حسب الاستمارة المرقمة .... والمؤرخة في / / وذلك بتاريخ / / وفي الساعة .... توجدت سبب الوفاة ....

توقيع الطبيب : ....

وختم المؤسسة الصحية

١٨ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية العامة (تملا من قبل منظم الشهادة وتؤخذ المعلومات من دفتر نفوس المتوفي او من هوية الاحوال المدنية) .

صحيفة الاسرة العراقية في السجل المدني : رقم السجل .... رقم الصحيفة .... المحافظة ....

رقم هوية الاحوال المدنية الصادرة باسم المتوفي .... (وترفق بالشهادة)

وەفاتنامەی لە سێدارەدانی هونەرمەند قادر کابان، لە ئەبو غرێب

ئەبو غرێب، ئەو زیندانەی هونەرمەند قادر کابانی تێدا لە سێدارە درا

ژەنیاران و گۆرانیبێژانی تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەشدار لە یادی هونەرمەندی شەهید قادر کابان/ ٢٠٢٦